یەکگرتنی ئارەزوومەندانە لە عێراقێکی فیدراڵی یەکگرتوودا چارەسەرە نەک تەنها بۆ کێشەی کورد، بەڵکو بۆ کێشەی عێراقیش

ماوەیەکە هەست بە نیگەرانی و نارەحەتییەک دەکەم سەبارەت بە مەسەلەی فیدراڵیەت و ئایندەی عێراق و کورد، بۆیە بە پێویستم زانی لەم وتارەدا راوبۆچوون و تێگەیشتنی خۆم لەمەڕ چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەو هەروەها بونیاتنانی عێراقێکی دیموکراتی پەرلەمانی فیدراڵی فرە حزبی بخەمە ڕوو، پێشم خۆشە هەر لایەنێک و کەسێک ئەگەر تێبینییەکی لەسەر ئەو راوبۆچوونەی من هەیە با بڵاوی بکاتەوە بۆ ئەوەی هەموومان بگەینە قەناعەتێکی هاوبەش.

مسعود بارزانی

کێشەی کورد بەتەنیا کێشەی هاوولاتی بوون نییە تا لە کەشی دیموکراسیدا بەنوێنەرایەتی ئەم لایەن وئەو لایەن چارەسەر بکرێ، کێشەی کورد دۆزێکی سیاسی و نیشتمانی و نەتەوەییە کە نیشتمانەکەی (کوردستان) بەبێ ئارەزووی خۆی و دوای یەکەم جەنگی جیهانی بەسەر چەند وڵاتدا دابەشکراو، لە ئەنجامدا ئەو بەشەی کە ئێستا بە کوردستانی عێراق ناو دەبرێ خرایە سەر عێراق، بە درێژایی ئەو ماوەیەش حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی بەغدا هەر کێ بوو بێ، بە درندەترین شێوە هەوڵی لەناوبردنی کوردو شێواندنی دیمۆگرافیای کوردستانی داوەو ڕەگەزپەرستانە داخوازییەکانی گەلی کوردی لەژێر پێ ناوەو بە حوکمی ئاگر و ئاسن درێژەی بە پاراستنی دەسەڵاتەکەی داوە، بەبێ ئەوەی هیچ ئیعتبارێک بۆ کورد وەک نەتەوەیەکی خاوەن مێژوو و ژیارو خاک دابنێ، یان ڕەچاوی ئەو راسپاردانە بکات کە لە کاتی پرۆسەی لکاندندا ئاماژەیان پێکراوە.

دەسەڵاتدارانی بەغدا بەر لە گەیشتن بەدەسەڵات دروشمی ئازادییان هەڵدەگرت و بەڵێنیان بە کورد دەدا، بەڵام کاتێ دەگەیشتنە سەر کورسی حوکم، لەو بەڵێن و دروشمەی خۆیان پاشگەز دەبوونەوەو دەکەوتنە دژایەتی یان راستتر قڕکردنی گەلی کورد.

کەواتە بە درێژایی مێژووی دروستبوونی عێراق، کورد غەدرێکی گەورەی لێکراوە، من نامەوێ بچمە ناو وردەکاری ئەو غەدرەوە، بەڵام وەک ئەنجام و بەگەواهیدانی دۆست و دوژمنان، کورد غەدرێکی لەرادەبەدەری لێکراوەو بەهیچ شێوەیەکیش ئەو دەرفەتەی پێ نەدراوە تا وەک هاوبەشێکی ئەو نیشتمانە هەڵسوکەوت بکات و ڕۆڵی هاوولاتی پلە یەک ببینێ و ئەو غەدرەش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر بووە تا گەیشتۆتە ئەو رادەیەی کە چیتر ئەو گەلە خۆڕاگرە نەتوانێ بەرگەی ئەو غەدرە بگرێ، بۆیە بە هیمەتی ڕۆڵە دڵسۆزو بە ئەمەکەکانی توانی بەرگری لە بوونی خۆی و خاکەکەی بکات و گەورەترین شۆڕش لە مێژووی پڕ سەروەری خۆیدا بەرپا بکات، کە ئەویش شۆڕشی مەزنی ئەیلوولە کە جیا لەهەموو راپەڕین و شۆڕشەکانی پێشووی کورد، بوو بەشۆڕشێکی سەرتاسەری.

ئەگەر بەپێی سەردەم سەیری ئەو شۆڕشە مەزنە بکەین دەتوانین بڵێین شۆڕشەکە شۆڕشێکی گەورەو دیاربوو، بڕواو ژیانێکی نوێی بەخشیە گەلی کوردستان، هەروەها ئامانجەکانی روون و ئاشکرا بوون، گوتارێکی سیاسیی یەکگرتوو لە کوردستان هەبوو، کە گوزارشتی لە ئێش و ئازارو خواست و ویستی هەموو گەلی کوردستان دەکرد، نەک لە ناوچەیەکی بەرتەسک و دیاریکراو.

گەورەیی شۆڕشی ئەیلوول، جگە لەوەی کە وەرچەرخانێکی گەورە بوو لە مێژووی گەلەکەماندا، توانیبووی زۆربەی خەڵکی کوردستان بە هەموو پارچەکانییەوە بە جیاوازی ئایین و مەزهەب و نەتەوە لەژێر چەتری شۆڕشدا کۆبکاتەوە.

لەراستیدا گەلی کورد لەو شۆڕشەدا خوێنێکی زۆری لەپێناو وەدەستهێنانی مافەکانیدا بەخت کردو زەحمەتێکی زۆریشی کێشا، دروشمی ئەو کات دیموکراتی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان بوو، چونکە شۆڕش لەو باوەڕەدا بوو کە دیموکراتییەت تاکە زامنە بۆ وەدەست هێنانی مافە رەواکانی گەلی کورد.

دوور لە راستی نییە گەر بڵێین سەرکردەی نەتەوەیی مستەفا بارزانی بە حیکمەت و لێهاتوویی خۆی توانی شۆڕش لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە بگوازێتەوە، تا گەیشتە ئەوەی لە ساڵی (١٩٧٠)دا دەستکەوتێکی مەزن بۆ کورد وەدەست بێنێ کە لە مێژووی گەلی کوردستاندا بەدەستکەوتێکی بێ وێنە لەقەڵەم دەدرێ.

بەڵام لەبەر ئەوەی رژێم ئەسڵەن باوەڕی بەو رێککەوتنە نەبوو و لەژێر فشاری چەند هۆیەکی ناو حزبی بەعسەوە مۆری کردبوو، ئەمە سەرەڕای ئەو هەموو خەسڵەت و فاکتەرە باشانەی شۆڕشی ئەیلوول و پانتاییە فراوانەکەی وای کرد هەموو لایەک بەهی دەرەوەش لەسەر تێکدانی شۆڕش رێک بکەون و ئیتر نسکۆی ساڵی (١٩٧٥) هاتە ئاراوە.

حکومەتی بەغدا و ئەو وڵاتانەی کە بەشداریان لە هێنانەکایەی نسکۆ کرد ئەوەی کە حسابیان بۆ نەکردبوو ئەو ئیرادە پۆڵایینەی گەلی کورد بوو، کە بارزانیی نەمر بەدرێژایی ژیانی خۆی لەدڵ و دەروونی هەر تاکێکی کورد چەسپاندبووی، بۆیە ئەوەندەی پێ نەچوو هەر ئەو گەلە تێکۆشەرە توانی شۆڕشی گوڵان وەک درێژەپێدەرو تەواوکەرێکی شۆڕشی ئەیلوول بەرپا بکات.

بەدرێژایی قۆناغی شۆڕشی گوڵانیش کورد تووشی دوو کارەساتی جەرگبڕ بوو کە یەکێکیان کارەساتی هەڵەبجەو ئەویتریان کارەساتی ئەنفال بوو، کە بەداخەوە سەرجەم وڵاتانی جیهان خۆیان لێ بێ دەنگ کرد، لە بیرمە پاش کارەساتی هەڵەبجەو لەسەفەرێکی خۆمدا بۆ دەرەوەی وڵات، هەوڵێکی زۆرمدا کە دژە هەڵوێستێکی جیهانی دژ بە کارەساتەکە کۆبکەمەوە، بەڵام لەو هەوڵەمدا تەجاوبێکی وام نەدیت، چونکە هیچ لایەنێک یان دەوڵەتێک ئامادەنەبوو خۆی بکاتە تەرەف و لە ئەنجامدا، کارەساتەکە چاوپۆشی لێکرا.

شەڕی عێراق-ئێران و دواتریش شەڕی کوێت، دوو فاکتەری سەرەکی بوون کە بوونە هۆی هێنانە کایەی بارێکی گونجاو بۆ کورد، ئەوە بوو لە بەهاری ساڵی (١٩٩١)دا گەل ڕاپەڕی و ئازادی وەدەست هێنا.

لێرەدا دەبێ سوپاسی هەڵوێستی هەر یەک لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو بەریتانیاو تورکیاو ئەو ماوەیەی کە فەرەنسا بەشداری کرد، بکەین، کە هەر هەموویان توانییان لەماوەی دوازدە ساڵی رابردوو ئەم گەلە بپارێزن و گەلیش بە کردەوە سەلماندی کە ئەگەر دەرفەتی بۆ بڕەخسێ، دەتوانێ بە رێکوپێکی ئیدارەی خۆی بکات.

راگرتنی پارسەنگی ئەو دوازدە ساڵەی رابردوو شتێکی ئاسان نەبوو، بەڵکو ئاستەنگ و سەخت بوو، هێزەکانی رژێم زۆر لە سنووری ناوچە رزگارکراوەکانی ئەوسا نزیک بوون، هەر جموجۆڵێکی هێزەکانی رژێم دەبووە هۆی دروستبوونی پشێوییەکی دیکە بۆ گەلەکەمان، ئەو وڵاتانەی کە بەشداریان لە پاراستنی گەلەکەمان دەکرد پێیان دەگوتین نابێ بەهیچ شێوەیەک بەرەنگاری ئەو هێزانە بن، ئەگەر ئەوانیش پەلاماریان دان، بەخۆمان و لەکاتی پێویستدا بەرپەرچیان دەدەینەوە، ئەمەش ئەگەر نەخوازەڵا رووبدابا گەلەکەمان تووشی کارەساتێکی وەک کۆڕەوەکەی ساڵی (١٩٩١) دەبووەوە، بۆیە بە هەر شێوەیەک دەبوایە پارسەنگەکە بۆ بەرژەوەندی گەلەکەمان بپارێزین و ئەم کارەش زۆر ئاسان نەبوو.

پاش رووداوەکەی (١١)ی سێپتەمبەری (٢٠٠١)ی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو بڕیاری هاوپەیمانان بە رووخاندنی رژێمی پێشوو و پاش ئەوەی کە دڵنیا بووین وەک جاری جاران لە نیوەی رێگا بەجێمان ناهێڵن، وەک پارتی بە هەموو قورساییەکی خۆمان بەشداری رزگارکردنی عێراقمان کردو لەو پێناوەشدا قوربانی و خوێنێکی زۆرمان داو بەشانازییەوەش دەڵێم رزگارکردنی هەردوو پارێزگای مووسڵ و کەرکووک بەشێوەیەکی بنەڕەتی بۆ پێشمەرگەی کوردستان دەگەڕێتەوە.

لەڕاستیدا مەبەست لە پرۆسەی رزگارکردنی عێراق و بەشداری پێشمەرگەی کوردستان تەنها بۆ رووخاندنی رژێمی بەعس نەبوو، بەڵکو بۆ دابینکردنی مافەکانی گەلی کوردستان بوو، لەسەر هێڵە سەرەکییەکانی عێراقی ئایندەش رێککەوتنێکی روون و ئاشکرا هەبوو، بۆیە ویستی هەر لایەک کە ئامانجی یەکخستنی عێراق بێ، دەبێ پابەندی ئەو هێڵە سەرەکیانە بێت و تایبەتمەندێتی هەرێمی کوردستان وەک خاک و نەتەوەو گەل بێتە پاراستن.

باری ئێستا جیاوازییەکی تەواوی لەگەڵ بارەکانی پێشتر هەیە، بەتایبەتی پاش ئەوەی کورد دوور لە دەسەڵاتی ناوەندی توانی بەشێکی زۆری کوردستانی عێراق رزگار بکات و لە بەرێوەبردنی کاروباری خۆی سەرکەوتن وەدەست بێنێ و چەند دامودەزگایەکی کۆمەڵگەی مەدەنی دابمەزرێنێ وەک پەرلەمان و حکومەت کە دوو دەستکەوتی زۆر گەورەن، ئەمڕۆ کورد بە هەموو توانایەکییەوە ئەو دەستکەوتە گەورانە بەهی خۆی دەزانێ، بەخوێنی رۆڵە بەوەفاکانی خۆی هاتوونەتە دی و ئامادەشە لە پێناو پاراستنیاندا قوربانی بە زۆر شتی بەهادار بدات و دوور لە کارەسات و بیرەوەری تاڵ، ژیانێکی گەشەدار بۆ ئایندەی رۆڵەکانی خۆی دابین بکات.

ئەو بارەی کە ئێستا کوردی تێدایە زۆر نییە، بەڵکو مافێکی رەوای خۆیەتی و پشت بە پرەنسیپەکانی چارەی خۆنووسین دەبەستێ، کە بەشێکە لە رێساکانی یاسای نێودەوڵەتی، کوردیش پاش دوازدە ساڵی حوکمڕانی دوور لە حکومەتی بەغدا، کەمتر لەم بارە قەبووڵ ناکات و چاویشی بڕیوەتە ناوچەکانی دیکەی کوردستان کە پێش رزگارکردنی عێراق لەژێر رکێفی دەسەڵاتی ناوەندی بوون.

ئەوانەی کە بایەخ بە مەسەلەی عێراقێکی یەکگرتوو دەدەن، دەبێ ئەوە باش بزانن کە زۆر زەحمەت بوو گەلێکی وەک کورد پاش ئەو هەموو کارەسات و ماڵ وێرانی و دەربەدەرییە قەناعەت بەوە بێنێ کە هەمدیسان لەچوارچێوەی عێراقدا بمێنێتەوە، ئەم بڕیارەی کوردیش دەبێ بەچاوێکی رێزەوە لەلایەن برا عەرەبەکانمانەوە سەیر بکرێ و ناشبێ بەرامبەر هەر مافێکی کورد لەچوارچێوەی عێراقدا دوو دڵ بن.

مەبەستم لەو دەربڕینە ئەوەیە کە ئێستا چەند لایەنێکی عێراقی و تا رادەیەکیش بیانی باس لە فیدراڵیەتی پارێزگاکان دەکەن، کە ئەمەش لەلایەن گەلی کوردەوە مەقبوڵ نییە، کورد بە درێژایی مێژوو خەباتی بۆ ئەوە نەکردووە کە پارێزگا کوردییەکان لەیەکتر جیا بکرێنەوە، بەڵکو خەباتی بۆ ئەوە کردووە کە سنوورە مێژووییەکەی کوردستان بێتە پاراستن، نەک هەڵوەشاندنەوەی، ئەگەر بەپێی فیدراڵیەتی پارێزگاکان بێت، خۆ دەسکەوتی کورد لە ساڵی (١٩٧٠) زۆرتر بوو لەوەی کە ئێستا بانگەشەی بۆ دەکرێ.

چارەسەرکردنی کێشەی عێراق نابێ دوور لەچارەسەرکردنی کێشەی کورد بێ، کورد کە خاوەنی کێشەی خۆیەتی پێی وایە فیدراڵیەت باشترین چارەسەرە بۆ کێشەکەی، بۆیە هەر حکومەتێکی ئایندە پێویستە خۆی لەهەڵە خۆکوژەکان دوور بخاتەوە، کە پێشتر حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی بەغدا تێی کەوتن و، هەوڵی ئەوەش نەدا ئیرادەی گەلی کورد پشتگوێ بخات، چونکە ئەو ئیرادەیە لە هێزێکی گەورەو لەبن نەهاتووەوە هەڵقوڵاوە، کە بەهیچ شێوەیەک رێ بەوە نادا ئیرادەکەی کە خۆی لە ئیرادەی پەرلەمانی کوردستان دەبینێتەوە، پشت گوێ بخرێ.

بۆیە رێزگرتن لەو ئیرادەیەو پەسندکردنی بیرۆکەی یەکگرتنی ئارەزوومەندانەی هەردوو گەلی عەرەب و کورد لە عێراقێکی یەکگرتوودا چارەسەرە نەک تەنها بۆ کێشەی کورد، بەڵکو بۆ کێشەی عێراقیش.

ئەو فیدراڵیەتەی کە کورد داوای دەکات و پەرلەمانی کوردستانیش بڕیاری لەسەر داوە، فیدراڵیەتێکی سیاسییە بە مانا جوگرافی و نەتەوەییەکەی کە تیایدا کورد مافی ئیدارەکردنی کاروباری هەرێمەکەی خۆی هەبێ و گشت دەسەڵات و بەرپرسیارێتی خۆی مومارەسە بکات، لەگەڵ زامنکردنی هەموو مافەکانی برا تورکمان و کلدۆئاشوورییەکان و هەموو ئازادیی مەزهەبی و ئایینی، ئەویش بەپێی دەستووری خۆجێیی هەرێم و دەستووری ناوەندی دەوڵەت، کە ئەمەش بە کردەوە رێی پێ دەدا بەشداری بڕیار وەرگرتنی سیاسی بکات نەک تەنها لە هەرێمەکەی خۆی، بەڵکو لە تەواوی دەوڵەتی فیدراڵی عێراقدا.

کە باسی فیدراڵیەتیش دەکەین دەبێ کێشەی کەرکووک و شوێنە تازە رزگارکراوەکانی دیکەی کوردستانمان لەبیر نەچێ، چونکە ئەو شاروشارۆچکانە پێشتر و ئێستا خەمێکی سەرەکی کورد بوون، کە کوردیش داوایان دەکات بەتایبەتی سەبارەت بە کەرکووک، لەبەر ئەوە نییە کە شارێکی نەوتی بێ، وەک هەندێ لایەن بۆی دەچن، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە ئەو شارە و شارو شارۆچکەکانی دیکە بەشێکی گرنگی مێژووی کوردن و پارچەیەکن لە سنووری ئیداری کوردستان و، بەدرێژایی مێژووی دەوڵەتی عێراقیش ئەو شاروشارۆچکانە توشی جۆرەها سیاسەتی بەعەرەبکردن و کۆچی زۆرەملێ و پاکتاوی رەگەزی بووینە، بەتایبەتیش پاش بەیاننامەی (١١)ی ئاداری ئۆتۆنۆمی، کە ئەم سیاسەتەش یەکێک بووە لەو هۆکارانەی کە بووە هۆی دووبارە شەڕ دەسپێکردنەوە لە ساڵی (١٩٧٤)دا.

بە کورت و کرمانجی ئێمە زۆرمان لەلا مەبەستە برایەتی کوردو عەرەب بپارێزین، زۆرییشمان پێ خۆشە بەها هاوبەشەکانی نێوانیان وەک ئامانجێکی سەرەکی بێنە پاراستن، بۆیە باری عێراقی ئایندە دەبێ بەهاوبەشی کورد و عەرەب و پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانە بەرێوە بچێت، کە تیایدا تایبەتمەندێتی گەلی کوردستان لەبەرچاو بگیرێ و ناشبێ بەهیچ شێوەیەک بیر لە شێوازێکی سەپێنراو لەسەر گەلی کوردستان بکرێ، چونکە بەتەئکیدەوە دەڵێم ئانجامێکی خراپی لێ دەکەوێتەوەو حەزیش ناکەین کورد ناچار بکرێت پەنا بۆ خیاراتی تر ببات.

ئێمە بە هەموو توانایەکمان بەرگری لە عیراقێکی یەکگرتوو دەکەین، بەڵام بە مەرجێک عێراقێکی دیموکراتی پەرلەمانی فیدراڵی بێت.